کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
12-4-2007 21:56بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## نیازی و.. ناهەقی نەبەز و ستەمی ڕێبوار ... حەمید قەڵادزەیی

ڕانیە

زۆر بە ڕاشکاوی دەڵێم، دەستت خۆش (نەبەز گۆران) بۆ کتێبەکەت (قەڵەمەکانی بەعس) چونکە هەمیشە ڕێگای سەخت و کورتکردنەوەی هەورازەکان بۆ دەرکەوتنی دیوە شاراوەکان، ڕۆڵەی بوێر و جەربەزەی دەوێ..

دەشێ هەموومان وەك نەبەز لە ئەنجامی کارکردنمان توشی هەڵە ببین چونکە هەموومان مرۆڤین و مرۆڤیش لە ئەنجامی تێگەیشتن لە هەڵەکانی دەتوانێ بینای ڕاستیەکان و نەخشی زیاتر بنەخشێنێ.. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە مرۆڤی ئازا لە بەرامبەر کەموکورتی و هەڵەکانیدا بوێرانە دانی پێدابنێ.. چونکە تا ئەوە لەخۆمان بەرجەستە نەکەین ناتوانین حەقیقەت نیشان بدەین.

ئەو هەڵەیەی نەبەز گۆران تێیکەوتووە بەرامبەر (نیازی حەمە عەزیز) یەکێکە لەو هەڵانەی پێویستی بە ئازایەتی و بوێرییەك هەیە بۆ ڕاستکردنەوەی، ئەویش هێنانەوەی پۆزشە. چونکە ناشێ بڵێین ئەوانەی لە هەشتا و حەفتایەکاندا هەواڵ و نووسینی بەسوودیان بڵاوکردۆتەوە بەعسی و قەڵەمفرۆش بوون.. بۆیە دەکرا کاك نەبەز هێندە بەپەلەنەبوایە و چەند پرسیارێکی لەمەڕ ناوبراو کردبایە چونکە کاك نیازی ناوێکی دیاری سنوری (بیتوێن و پشدەر) ە.. بە تایبەتی لە بواری ڕۆشنبیری و ئەدەبیدا. هەڵبەت نەبەز هەڵەی بەرامبەر کەسانی دیکەش کردووە و پێویستی بە پێداچوونەوە هەیە.

لە لایەکی تر ئەوانەی بە ناوی خوازراوەوە ناوی کەسانێك دەزڕێنن وەکو ئەوەی ناوی لەخۆی ناوە (ڕێبوار) و چەند ڕۆژێکە لە (کوردستان نێت) دا هێرش دەکا و جنێو بە نیازی دەدا ئەوەش لە جێگای خۆیدا نیە و ستەمە، چونکە بەدەر لەوەی خەڵك گومانی بۆ دروست دەبێ لە ڕاستی تۆمەتەکان کە بەڵگەی زۆر لاوازن، لە لایەکی تر سایتەکەش دەبێتە سەنگەر بۆ ئەوانەی مەبەستیانە شتێك بڵێن کە بێ سوودە..

بۆیە داوا لە کوردستان نێت دەکەم هەڵوێستەیەك لە سەر هەموو ئەو نووسینانە بکات کە بە ناوی خوازراوەوە لە سەر کەسانی تر دەنووسن.. دەکرێ ڕاستی ئەو مەوزوعەش لە کەسانێك وەربگیرێ کە لە سنورەکە بوون و ڕۆڵیان هەبووە و نزیکن لە (نیازی حەمە عەزیز) . لە ڕووی کاری ڕۆژنامەوانی و ئەدەبی و ڕۆشنبیریدا. لە کۆتاییدا دەڵێم با پێنووسەکانمان بۆ خۆشەویستی و خزمەت بە ڕۆشنبیری تەرخان بکەین نەك ڕشتنی جامی قین و دووبەرەکی.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.